| حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق | | حكومة إقليم كوردستان-العراق |
|---|---|---|
| ئەنجومەنی وەزیران | | مجلس الوزراء |
| وەزارەتی ناوخۆ | | وزارة الداخلية |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان | | المديرية العامة للديوان |
| ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان | | مديرية الإدارة و الموارد البشرية |

ژمارە: ١٣٠٩ / ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

(ISO 9001:2015)

العدد:
التأريخ: ١٠ / ١ / ٢٠٢٤

## ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی (٢٠٢٤)

## هەمواری دووەمی ڕێنمایی پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١

دوا بەدوای ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ ی تایبەت بە پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە هەموار کراو بە بەیانمان ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢١ و بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩.

**بڕیارماندا بە** : دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریيە:

**ماددەی یەکەم** :هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (٤)لەڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ و ماددەی (١)لە بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢١ ی وەزارەتمان و بڕگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە:

**ماددەی (٤):سێیەم :**

١. گەشتیارانی هەڵگری پاسپۆرت یان بەڵگەنامەی گەشت(**Travel Document**)ی ئەو وڵاتانەی کە لەخوارەوە ئاماژەی پێدراوە و هەر وڵاتێکی تر کەلە داهاتوو دەخرێتە لیستی پێدانی ڤیزە لەکاتی گەیشتن پێویست بە ڤیزەی پێشوەختە ناکات و لە دەروازەی سنور ڤیزەی هاتنە ژوورەوە وەردەگرێت بەرامبەر بەو بڕە رسوماتەی (**کارگێری ڤیزەی سەردان**) کە لەخانەی (٢٠) لە خشتەی ( **رسومات و سزاو بارمتەکان**)ی هاوپێچی ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی (٢٠٢١) دا دیاری کراوە . سەبارەت بە گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە ئەوا پەیرەوی خانەکانی (٢)و(٣) لە خشتەی (**رسومات و سزا و بارمتەکان** ) ئاماژە پێکراوی سەرەوە بکرێ وڵاتەکان ئەمانەن:
(وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، بەریتانیا ، چین ، روسیا ، ئوستراليا ، نویزلەندا ، ژاپۆن ، کۆریای باشوور ، کەنەدا ، ئیمارات ، کوەیت ، قەتەر ، تورکیا ، ئێران ، لاتڤیا ، لیتوانیا ، لۆکسەمبۆرگ ،ماڵتا ، هۆڵەندا ، نەرویج ، پۆڵەندا ، پورتوگال ، ڕۆمانیا ، سلۆڤاکیا ، سلۆڤینیا ، ئیسپانیا ، سوید ، سویسرا ، نەمسا ، بەلجیکا ، بەرازیل ، بولگاریا ، کرواتیا ، قوبرس ، یۆنان ، چیک ، دانیمارک ، ئیستۆنیا ، فینلەندا ، فەرنسا ، ئەڵمانیا ، هەنگاریا ، ئەلبانیا ، ئیرلەندا ، ئایسلاندە ، ئیتاڵیا ، لوبنان ، فاتیکان ، لیخنشتاین ، شانشینی سعودی ، سەڵتەنەی عومان ، بەحرێن ، شانشینی ئوردنی هاشمی ) .

٢. ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی لەکاتی گەیشتن نابێت لە (٦)مانگ کەمتر بێت.

٣. ئەگەر کەسی بیانی شوێنی لەدایک بوونی (**عێراق**)بوو و لە پاسپۆرتەکەی ئاماژەی پێ کرابوو ئەوا پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە ناکات و بێ بەرامبەر ڕێگەی پێدەدرێت و دەکرێت بمێنێتەوە و ئەو ماوەی پێویستی پێیەتی هیچ سزایەکی دواکەوتنی ناکەوێتە سەر .

**ماددەی دووەم :**

١. کار بەهیچ نووسراو و بەیان و ڕێنماییەک ناکرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

٢. ئەم ڕێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیــری ناوخــۆ